بیست کەس لە وەاتی فلیپین بەهۆی گەردەلوولی ترامی گیانیان لەدەستدا و هەزاران کەس گیریان خواردوە



لە بیانی ڕۆژی پێنجشەممە، لایەنی کەم 23 کەس لە باکووری ڕۆژهەڵاتی وەاتی فلیپین گیانیان لەدەستدا و زیاتر لە 24 هەزار کەسیش ئاوارە بوون بەهۆی لافاو و داماڵینی زۆری بەهۆی گەردەلوولی ناسراو بە "ترامی".

بەوهێیەوە، دەسەڵاتدارانی وەاتی فلیپین کارەکانی حکومەت و خوێندنکانیان لە ماڵای پایتەختی فلیپین و پارێزگاکانی تری دوورگەی لوزۆن-ی سەر بە فلیپین ڕاگرت.

پاسەوانانی کەناری دەریای وەاتی فلیپین لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا ڕایگەیاند کە زیاتر لە 5300 کەس لە تەواوی وەاتەکەدا گیریان خواردووە بەهۆی لافاوی ترامی.

بەرگری شارستانی فلیپین، بەڵەمی ماتەیان بەکارهێنا بۆ ڕزگارکردنی گوندنشینان کە هێندەکیان لەسەر سەربانەکان گیریان خواردبوو، لەکاتێکدا کەشناسان هەشداری دەدەن لە بای بەهێز و بارانێکی زۆر و زریانی بەهێز لە شارچکەکانی کەناری دەریا لە وەاتەکەدا.

گەردەلوولی ترامی دوای نیوەشەوی دوێنێ لە پارێزگای ئیزابێلا لە باکووری ڕۆژهەڵاتی فلیپین کەوت و لە دوای بەرەبەیانی ئەمڕۆ پێنجشەممە گەیشتە شارچکەی ئاگوینالدۆ لە پارێزگای ئیفوگاو کە خرایی 95 کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا بوو و زریانەکە بە خرایی 160 کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا بوو.